ئەگەر قامەت کرا بۆ نوێژ ولەو کاتەدا خواردنی شێوان ئامادە بوو؛ ئەوا بە خواردنی شێوان دەستپێبکەن

لە عائیشە وعبداللەی کوڕی عومەر وئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر قامەت کرا بۆ نوێژ ولەو کاتەدا خواردنی شێوان ئامادە بوو؛ ئەوا بە خواردنی شێوان دەستپێبکەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەموو ڕیوایەتەکانی]

ئەگەر قامەت کرا بۆ ئەنجامدانی نوێژ، وخواردن وخواردنەوە ئامادە بوون، ئەوا دەبێت دەست بە خواردن وخواردنەوە بکرێت بۆ ئەوەی برسێتی نوێژ خۆێن نەمێنێت، وبیری لای خواردنەکە نەبێت، وبۆ ئەوەی لە پاش ئەوە بە دڵنیایی و لەسەرخۆییەوە نوێژەکەی ئەنجامبدات، ومەرجی ئەم حاڵەتە ئەوەیە: کە ماوەکە ئەوەندە نەبێت کە کاتی نوێژ کردن دەربچێت، بۆ نمونە ئەگەر بیست دەقیقە مابێت بۆ دەرچوونی کاتی نوێژ وکەسێک زۆر برسی بوو وخواردن دانرا وئەگەر خواردنەکەی بخوات ئەوا کاتی نوێژ دەردەچێت ئەوا پێویستە لێرەدا نوێژەکەی بکات، وئەم ڕوخسەتانە بەڵگەن لە سەر جوانی وگشتگیری وکاملی شەریعەت کە مافەکانی نەفسی بەهەند وەرگرتووە لە گەڵ ئاسانکاری ولێبوردەیی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3066